King's Elementary School | قوتابخانەی (كینگ)ی بنەڕەتی

# Jack and The Beanstalk

## جاك و دارفاسۆلياكه



Translated by: Bareen Bahaa
Reviewed and edited by: Bahaa Bahram

# جاك و دارفاسۆلیاكه

# Jack and the Beanstalk

HarperCollins

**وەرگێڕانی: بارین بەها**
قووتابی لە قووتابخانەی (**کینگ**)ی بنەڕەتی
پێداچوونەوە و هەڵەچنی: بەها بەهرام

کاری دیزاینکردنی وێنەکانی ئەم چیرۆکە لە لایەن گرافیک دیزاینەری
قووتابخانەی (کینگ)ی بنەڕەتی:
سەنگەر بارزان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە بۆ قووتابخانەی (کینگ) پارێزراوە

KING'S ELEMENTARY SCHOOL





جاك و دایكی زۆر هەژار بوون، هەموو
ئەوەی هەیان بوو تەنها یەك چێڵ بوو.

ڕۆژێكیان دایكی جاك گوتی: "بڕۆ
چێڵەكەمان بفرۆشە و پارەكەشم بۆ
بێنەوە.“

Jack and his mother were very poor. All they had was one cow

One day, Jack’s mother said, “Go and sell our cow and bring the money back to me.”

**جاك چێڵەکەی برد تا بیفرۆشی.**
**لە ڕێگادا چاوی بە پیاوێك کەوت کە دەیویست چێڵەکە بکڕێت.**

**Jack took the cow away to sell.**
**On the way he met a man who wanted to buy the cow.**









**پیاوەکە گوتی: "من پارەم نییە، بەڵام لەبەرانبەر چێڵەکەت پێنج فاسۆلیای جادووییت دەدەمێ."**

**جاك گوتی: "زۆر باشە" جاک چێڵەکەی بە پیاوەکە دا.**

**"I have no money." said the man. "But I will give you five magic beans for your cow."**

**All right," said Jack, and he gave the man his cow.**





جاك دەنكە فاسۆلیاكانی بۆ دایكی بردەوە.

دایكی زۆر تووڕە بوو، گوتی: "ئەو دەنكە فاسۆلیایانە كەڵكیان بۆ ئێمە نییە" دەنكە فاسۆلیاكانی لە پەنجەرەكەوە فڕێدا.

**Jack took the beans to his mother, she was very angry.**

**“These beans are no good to us, “she said.**
**And she threw the beans out of the window**

ڕۆژی دواتر، کاتێك جاك لە خەو هەستا، لە پەنجەرەکەوە دارفاسۆلیایەکی زەبەلاحی بینی.

گوتی: "دەمەوێت تا لووتکەکەی سەربکەوم."

**The next day when jack woke up, he saw a gaint beanstalk outside his window.**

**“I want to climb to the top,” Said Jack.**







**جاک بەسەر دارفاسۆلیاکەدا هەڵگەڕا.**

**دایکی گوتی: "نەکەی جاك،نەکەی!"**
**بەڵام جاك تاکوو لووتکە هەر بە**
**دارفاسۆلیاکەدا هەڵگەڕا .**

**Jack started to climb the beanstalk.**

**“No, Jack, no!” said jack’s mother, but Jack climbed up and up and up to the very top of the beanstalk.**





**جاك قەڵا و دەرگایەکی زەبەلاحی بینی.**
**کاتێك دەرگاکەی کردەوە، ژنێکی زەبەلاحی بینی.**

**ژنە زەبەلاحەکە گوتی: "ئاگاداربە!**

**مێردەکەم وا دێت.**

**دەتکاتە پاروێك و دەتخوات!"**

**Jack saw a gaint castle with a gaint door, When he opened the door he saw a giant woman.**

**“look out!” said the woman.**

**“My husband is coming.**

**He will eat you up!”**





زەبەلاحەکە نەڕاندی و هاواری کرد: فی
فای فۆ فەم! هەمووتان ئاگاداربن، ئەوە
منم زەبەلاح!" (یان: بۆن دێ بۆن دێ، بۆنی
بێگانان دێ، لە دەرک و بانان دێ!)

ژنەکە بە جاکی گوت: "پێویستە خۆت
بشاریتەوە." ئینجا ژنەکە جاکی لەناو
دۆڵابێکدا شاردەوە.

**“Flee fi fo fum, watch out everyone, HERE I COME, “ roared the giant.**

**“You must hide,” said the woman. And she hid jack in a cupboard.**







پیاوە زەبەلاحەکە بەخۆ بە چەند کیسێکی گەورەی پڕ لە پارە هاتە ژوورەوە و، لای مێزەکە دانیشت، دەستی بە ژماردنی پارەکەی کرد. جاکیش لەناو دۆڵابەکەوە سەیری دەکرد.

**The giant came in and sat down at the table with some gaint bags of money. He started to count his money. Jack watched him from inside the cupboard.**





**زۆری نەبرد زەبەلاحەکە خەوی لێ کەوت، جاك لەناو دۆڵابەکە هاتە دەرەوە و پارەکەی هەموو برد. پاشان لەسەر دارفاسۆلیاکە هاتە خوارەوە و پارەکەی بە دایکی دا.**

**Soon, the gaint fell asleep, Jack came out of the cupboard and took all the money. Then he climbed down the beanstalk, and gave the money to his mother.**





هەندەی پێنەچوو جاك ویستی دووبارە بەسەر دارفاسۆلیاکەدا سەرکەوێتەوە.

دایکی گوتی: "نەخێر جاك، نەکەی!"، بەڵام جاك گوتی: "دەبێ هەر بچم."

**Not long after, Jack wanted to climb the beanstalk again.**

**“No, Jack, no!” said his mother but jack said, “I must.”**





جاك دووباره ژنه زەبەلاحەکەی بینییەوە.

ژنه زەبەلاحەکە گوتی: "ئاگاداربە! مێردەکەم
تووڕەیە، چونکە پارەکەی لێ دزراوە."

پیاوە زەبەلاحەکە نەڕاندی: "فی فای فۆ فەم!
هەمووتان ئاگادار بن، ئەوە منم زەبەلاح!"

**Jack saw the giant woman again.**

**“look out!” she said.**
**“My husband is angry because his money has been stolen.”**

**“Fee fi fo fum, watch out everyone,**
**HERE I COME!” roared the gaint.**

ژنە زەبەلاحەکە گوتی: "پێویستە خۆت بشاریتەوە."

پیاوە زەبەلاحەکە هاتە ژوورەوە و لای مێزەکەی دانیشت.
مریشکێکی جادوویی پێ بوو، کە هێلکەی زێڕینی دەکرد.

**“You must hide,” said the woman.**

**The giant came in and sat down at the table.**
**He had with him a magic hen. That magic hen lied golden eggs.**









**هەندەی پێنەچوو زەبەلاحەکە خەوی لێ کەوت. جاك لەجێی شاراوەکەی هاتە دەرەوە و مریشکەکەی برد. پاشان لەسەر دارفاسۆلیاکە هاتە خوارەوە.**

**Very soon the giant fell asleep.**
**Jack came out of his hiding spot and took the hen.**
**Then he climbed down the beanstalk.**



ڕۆژی دواتر، جاك جارێکی تر بەسەر دارفاسۆلیاکەدا هەڵگەڕایەوە.

جاک لە نزیک دەرگا زەبەلاحەکە، ژنە زەبەلاحەکەی بینییەوە.

**The next day, Jack climbed the beanstalk again.**

**Jack saw the gaint woman again near the gaint door.**





ژنە زەبەلاحەکە گوتی: "ئاگاداربە! مێردەکەم تووڕەیە، چونکە مریشکەکە و پارەکەی لێ دزراوە."

پیاوە زەبەلاحەکە نەڕاندی : "فی فای فۆ فەم! هەمووتان ئاگادار بن، ئەوە منم زەبەلاح! "

**“look out!” said the women.**
**“My husband is angry because his hen and his money have been stolen.”**

**“Fee fi fo fum, watch out everyone, HERE I COME!”**
**roared the giant.**



ژنەکە گوتی: "پێویستە دیسان خۆت بشاریتەوە“
پیاوە زەبەلاحەکە بە خۆ و بە گیتارێکی جادووییەوە هاتە
ژوورەوە و لەلای مێزەکە دانیشت و، دەستی بە گیتارژەنین کرد.

**“You must hide again,” said the woman.**
**The giant came in with a magic harp he sat down at the table and the harp started to play.**







ئەوەندەی پێ نەچوو پیاوە زەبەلاحەکە خەوی لێ کەوت. جاك لەجێی شاراوەکەی هاتە دەرەوە و گیتارەکەی برد. پاشان لەسەر دارفاسۆلیاکە هاتە خوارەوە.

ژنەکە گوتی: "ڕاکە، پیاوە زەبەلاحەکە بە دواتەوەیە!"

**Soon the giant fell asleep. Jack came out from his hiding spot and took the harp. Then he started to climb down the beanstalk.**

**"Run away!" said the woman.**
**"The giant is behind you!"**



جاك لەسەر دارفاسۆلیاکە دەهاتە خوارەوە و پیاوە
زەبەلاحە تووڕەکەیش بە دوایەوە بوو.
هەرکە جاك گەیشتە دامێنی دارفاسۆلیاکە، دایکی جاك
دارفاسۆلیاکەی بڕییەوە.

"گرممم!!!" ئەوەیش کۆتایی زەبەلاحەکە بوو.

**Jack climbed down the beanstalk with the angry gaint behind him. When Jack was at the battom, his mother cut down the beanstalk.**

**CRASH! And that was the end of the giant.**









جاك و دایکی ئێستا چیتر هەژار نین، لەوساوە ئەوان بەشادی دەژین.

**Now, Jack and his mother were not poor, and they lived happily ever after.**

# Jack and The Beanstalk

HarperCollins

Translated by: Bareen Bahaa
Student of King's Elementary School

Reviewed and edited by: Bahaa Bahram

Illustrated by: King's School's Graphic Designer
(Sangar Barzan)

All rights reserved

Copyright ©2022 King's School

KING'S ELEMENTARY
SCHOOL